گەیاندنی کارەبای ئێران بەناوچەی حاجی ئۆمەران

تایبەت بۆ ڕێگای کوردستان

پرۆژەی گەیاندنی تەزووی کارەبای ئێران لەناحیەی حاجی ئۆمەران کۆتایی هات و چاوەڕوان دەکرێ لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بەکارەبای ئێران ناحیەی حاجی ئۆمەران ڕووناك بکرێتەوە، سەرچاوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی ناحیەی حاجی ئۆمەران بە ڕێگای کوردستانی ڕاگەیاند کە هەفتەی داهاتوو لەڕێورەسمێکی شایستەدا، دەستپێکی تەزووی کارەبا دەگاتە حاجی ئۆمەران کە ٢٤ سەعات بەردەوام دەبێ و ٢٠ گوندی دەوروبەری ناحیەی حاجی ئۆمەران سودمەند دەبن پرۆژەکە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم لەڕێگەی پارێزگاری هەولێر جێبەجێکرا. کۆمپانیای تازربێجانی ڕۆژئاوا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پرۆسەی بەستنەوەی هێڵەکانی ئەنجامدا. جێگەی باسە شاندێکی هاوبەشی گومرگی حاجی ئۆمەران و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی حاجی ئۆمەران چەند سەردانێکیان بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدا، شاندەکەش لە هێرش حوسێن و بەڕێوەبەری ناحیەی حاجی ئۆمەران و ئەدەر جەبەلی بەڕێوەبەری گومرگ و دەرسیم تەحسین لێپرسراوی پەیوەندییەکانی حاجی ئۆمەران پێك هاتبوو.

وەزیری پێشووی کارەبای عێراق لە بەندیخانە هەڵدێ

بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەغدا ئەیهەم سامەڕایی وەزیری پێشووی کارەبای عێراق توانیویەتی لەو زیندانەی کە لەناو بەغدای پایتەختی عێراقدایە هەڵبێت، کە دەکەوێتە ناو ناوچەی سەوزەوە، شایانی وتنە سامەڕاییە دوو ساڵی زیندانی حوکمدرابوو لەسەر گەندەڵی، ئەو بەندینخانەیەش پاسەوانی عێراقی-ئەمریکی پاسەوانی دەکات.

"لیژنەی نەزاهەی گشتی عێراق" لەو باوەڕدایە کە سامەڕایی بە هاوکاری ئەندامانی تایبەتی ئاسایش هەڵاتووە، کەئەمە دووەجارە سامەڕایی لە زیندان هەڵدێ، جاری یەکەم لە تشرینی یەکەمدا هەڵاتو لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە پاسەپۆرتێکی چینیەوە گیرا، سامەڕایی پاسەپۆرتی عێراقی و ئەمریکی هەیە، کاتێ کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی حکومەت بوو سامەڕایی وەزیرێکی سوننە بوو لەو وەزارەتەدا.

سامەڕایی پەیوەندی بە گروپە نەیارەکانی سوننەوە هەبووە، هەروەکو لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەی پێدەدەن چەند جارێك هەوڵیداوە ڕازیبان بکات دەست لەکاری توندوتیژی هەڵبگرن و پەیوەندی بەکاری سیاسییەوە بکەن.

سامەڕایی تەنیا بەرپرسی حوکومییە سزای زیندانی بدرێ بە تۆمەتی گەندەڵی، بەڵام دەستەی نەزاهەی گشتی فەرمانی قەزایی گرتنی ٩٠ بەرپرسی پێشووی دەرکردووە کە ١٥ یان وەزیرن بەتۆمەتی گەندەڵی.

حەماس لەفتوای کوشتنی بەرپرسانی فەتح خۆی دەدزێتەوە

لەغەزە ڕفاندن لە هەردووڵا بەردەوامەو وەزیرێکی پێشووش دەڕفێندرێ، عەباس نووسینگەو میوانخانەی قەدومی دادەخات

موشیر میسری کەیەکێکە لەسەرکردەکانی حەماس لە غەزە ئەو تۆمەتانەی ئەنجومەنی شورای بزووتنەوە ڕەتدەکاتەوە، کە گوایە فتوای کوشتنی حەوت لەسەرکردەکانی فەتحیاندا بێ، کەلەو حەوتە (محەمەد حەلان)ی تێدایە، هەروەها وتی چۆن فەتح توانیویانە بگەن بەو بڕیارانەی ئەنجومەنی شوری بچووککراوەی بزووتنەوەی حەماس کە داویانە، وتیشی"ئەو بازنە بەرتەسکەی حەماس چۆن قسە نەکات کە کەس نایگاتێ".

بەڵام جۆن مصلح قسەکەر بەناوی کەتاییی ئەقسا لە غەزە وتی ئەم زانیارییانە لە دەزگای ئاسایشی سەربە کە تائیب وەرگیراوە بۆیە ڕامانگەیاند تا ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆزو خوێناوی تر نەبێ، لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان سێ گرویی فەلەستینی ئەنجامدرا بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ، فەشەلی هێنا لە نێوان حەماس و فەتحدا، سەرەڕای ئامادەبوونی ڕێژەیی لەناو شاری غەزەدا، پێکدادان و کاری ڕفاندن لە هەردووڵاوە دەستی پێکردەوە لە هەردوو شاری جبالیا و بەیت لاهیا لە باکوری کەرتی غەزە.

سەرۆکی فەلەستین مەحمود عەباس بڕیاری داخستنی نووسینگەی دائیرەی سیاسی ڕێکخراوی حەماسدا لە عەمماندا کە فاروق قەدومی سەرۆکێتی.

٢٥ بەڵگەنامەی هەواڵگریی لە (٣٠)یەمین دادگایکردنی ئەنفال ئاشکرا دەکرێن

ئاژانسەکانی هەواڵ

دووشەمەی ڕابردوو ١٨ / ١٢ / ٢٠٠٦ ، (٣٠) یەمین دانیشتنی دادگاییکردنی سەدام لەسەر دۆسێی ئەنفال ئەنجامدرا، گرنگی ئەم دانیشتنە لەوەدا بوو کە داواکاری گشتی لەسەرەتای دانیشتنەکەدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی سەربازی و هەواڵگریی پەیوەست بە هەڵمەتی ئەنفال خستە ڕوو کە دەیسەلمێنن چەکی کیمیایی تێدا بەکارهاتووە.

سەرەتا داواکاری گشتی ناوەڕۆکی دوو بەڵگەنامەی خستە ڕوو کە تێیاندا باس لە هاوجێی جێبەجێکردنی هێرشێکی ئاسمانی کراوە بۆ سەر ناوچەکانی کوردان و ووردەکارییەکان و جۆری چەکە بەکارهاتووەکانیش دەگرنە خۆ. لەبەڵگەنامەی سێیەمدا، کە بەڵگەنامەیەکی نهێنییەو لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سەربازیی کراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە سەدام حوسێن بڕیاری داوە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو لێکۆڵینەوەیەك پێشکەش بکات سەبارەت بە ئاڕاستەکردنی گوورزێك بۆ ناوچەکانی کورد. بەڵگەنامەی چواردەم باس لە وردەکاری و ڕێوشوێنەکانی شێوازی جێبەجێکردنی هێرشە سەربازییەکە دەکا، هاوکات پێشنیار دەکات کە لێدانەکە ئاسمانی بێت تاکو کتوپڕیی و ئامانج بپێکێ، لەلایەکی دیکەی هەمان بەڵگەدا باس لە پێویستی دابینکردنی زانیاری ورد دەکات بۆ فڕۆکەوانەکان و بەباشی دەزانێت هێرشەکە لەکاتی بەرەبەیاندا بێت و زیاتر لە فڕۆکەیەکیش تایبەت بکرێت بۆ پێکانی سەرجەم ئامانجەکان لەیەك کاتدا.. بەڵگەنامەی پێنجەم کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگریی سەربازییەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی کۆمار کراوە، باس لە پێداویستییە بەردەستەکانی جێبەجێکردنی لێدانەکە دەکات و، ئاماژە بەوەش دەکات کە بارودۆخی بەفراوی ناوچەکان لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە، چونکە وا دەکات (مادده کیمیاییەکە) ژەهراوی بوونی لەدەستبدات.

هاوکات لەو بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدات ئەویش ئەوەیە کە لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە دەڵێ: (بڕی پێویستمان نییە لەگازی خەردەل و، لێدانەکە کاریگەری بەهێز نابێت ئەگەر بڕێکی پتری ئەو گازە دابین نەکرێت).

ئەمەو لەکۆمەڵێك بەڵگەنامەی دیکەدا هاتووە کە ڕژێمی لادراوی سەدام لەسەرجەمیاندا جەختی کردۆتەوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی تایبەت (کە مەبەست چەکی کیمیاییە)، لەیەکێك لەکۆی ئەو (٢٥) بەڵگەنامانەی داواکاری گشتیی لەدانیشتەکەدا خستنیە ڕوو ئاماژە بەوە دەکات کە (لێدانی چەکدارانی بارزانی دوابخرێت، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا بکەونە ژێر کاریگەری چەکی کیمیایی لەئەنجامی هێرشەکەدا)، لەبەڵگەنامەیەکی دیکەدا باس لە وردەکاری بۆمبباراندکردنی بارەگای سەرۆك کۆماری ئێستای عێراق (بەڕێز تاڵەبانی) دەکات و ئاماژە بەو زیانە مادەی و مرۆییانە دەکات لە ئەنجامی بۆمبباراندکە، لەبەڵگەنامەی (٢٤)مدا، کە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگریی سەربازییەوە دەرچووە، ئاماژە بەو هێرشە دەکات کە بۆ سەر بارەگای شیوعییەکان کراوە بەچەکی کیمیایی و دەرەنجام ٣١ کەس شەهید کراون و ١٠٠کەسیش بریندار ئەو چەکە ژەهراوییە بوون.

درێژەی. . .

کۆنگرەی ئاشتەوایی و ئەگەرەکانی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لەعێراقدا بەرەی میانڕەو:

دوا بە دوای وتووێژەکەی لەگەڵ (تۆنی بلێر) تاڵەبانی ڕایگەیاند کە "ئەگەری دامەزراندنی بەرەیەك لە ئارادایەو دەرگای ئەوبەرەیە بۆ هەموو ئەو هێزانە والایە کە باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە" لەبەرامبەریشدا (بلێر) دوای دیدارەکەی لەگەڵ تاڵەبانی لە وەڵامی پرسیارێکدا کە پەیوەبست بووبەستراتیژییەتی نوێی سەرۆکی ئەمریکا لە عێراقدا ڕایگەیاند کە: "لەو باوەڕەدام کە سروشتی ئەو ستراتیژە دەوستێتە سەر جۆری ئەو هەڕەشەو مەیدان لێگرتنانەی لە گۆڕەپانەکەدا دێنە ئاراوە، چونکە ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ کۆسپ دروستکردن لە بەردەم کارەکانی حکومەتی عێراق و خۆشکردنی ئاگری فیتنەبازی تایفەگەری و توندوتیژی بە مەبەستی ڕێگرتن لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان ڕۆلەکانی گەلی عێراقدا"..

ئەمەو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ تۆنی بلێر، نوری ئەمالیکی ڕایگەیاند کە "ئەمڕۆکە باسی چۆنیەتی پێشبردنی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانمان کرد و لەدیدارەکەدا جەختمان لەسەر پێویستی پاراستنی ئەو دەسکەوتانە کرد کە لەعێراقدا هاتوونەتەدی"..

ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لەکابینەکەی ماڵیکی:

دواین هەواڵەکان وادەگەیەنن کەئەگەری گۆڕانکاری لە کابینەکەی مالیکی لەئارادایەو ڕەنگە جێگری سوننەی سەرۆك و ١٢ وەزیر بگۆڕدرێن، لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیك لەسەرۆك وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە کە نوری مالیکی لیژنەیەکی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەولیستە پەرلەمانییە سەرەکییانە پێکهێناوە سەبارەت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە کابینەی حکومەتداو، ڕەنگە گۆڕانکارییەکانیش پتر وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان بگرێتەوە.

لەپەراوێزی خوێندنەوەی بۆچوونە جیاوازەکانی نێو کۆنگرەی نیشتمانی ئاشتەوایی عێراق کە دوو ڕۆژی خایاند، هاوکات لەگەڵ جموجۆڵە سیاسییە چڕوپڕەکانی پەیوەست بە دواین ستراتیژی ئەمریکا لە عێراقو هەڵمەتێکی بەرفراوانی ناڕەزایی بەرامبەر بە ڕاپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن، ڕەنگە ئەوە مایێتەوە کە بڵێین هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی ئاشتەوایی دەخوازین ئەگەرچی بەشدارنەبوونی دوولایەن و کشانەوەیان هەر دەکەوێتە ئەو خانەیەوە کە کۆنگرەکەسەرنەگرێ، ئەمە لەلایەکیان، لەلایەکی دیکەدا هەمیشە دەبێ ئەوە بزانرێ کە سیاسەتی ئەمریکا، هەروەکو "بلێر" لە لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەگەڵ مالیکی ئامـاژەی پێکرد، سیاسەتێکی بگۆڕەو بەرژەوەندییەکان ئاراستەی دەکەن، ئەگەر بەرەی میانڕەویش لە ماوەی ئایندەدا سەربگرێ و لایەنە دیموکراسیخوازەکان سەرکەون ئەوا بێگومان ئایندەی عێراق ڕۆشنترو ئەگەری پاشگەزبوونەوەی ئەمریکا لە گۆڕینی دواین ستراتیژیدا مەحاڵ نابێ..

لە دژی را پۆرتەکەی بیکەر- هاملتون دا

بەرهەلستکاری چین و توێژەکانی گەلی کوردستان لە زیادبووندایەو پرۆسەی ئیمزا کۆکردنەوەش بەردەوامە

قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە دژی را پۆرتی بیکەر - هاملتۆن خۆپیشاندان دەکەن

ڕۆژی دووشەم ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە دژی ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن خوێندنیان ڕاگرت و خۆپیشاندانیان سازکرد .

تورکمانەکانی کەرکوك خۆپیشاندان دەکەن

لە کەرکوك و لە سەر بانگێشتی ژمارەیەك لە حزبە تورکمانییەکانی ئەو شارە بە سەدان کەس خۆپیشاندانیان لە دژی ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن ساز کرد و تێیدا داوایان کرد کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت پرسی کەرکوك دوابخرێت بۆکاتێکی نادیار وەك لە ڕاپۆرتەکەدا پێشنیار کراوە و هەروەها خۆپیشاندەران ئەوەیان هاوار دەکرد کە ڕاپۆرتەکە بەپێچەوانەی دەستور و شەرعیەتی حکومڕانی و دەنگدەرانی عێراقییە.

ئیمزا کۆکردنەوە بەردەوامە

لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەڵمەتێکی فرەوانی ئیمزا کۆکردنەوە لە دژی ڕاپۆرتکەی بیکەر- هاملتۆن دەستی پێکردوە و هەریەك لەلایەی خۆیەوە لە شوێنی کارو شەقام و فێرگەکاندا هەلمەتی ئیزاکۆکردنەوە بەردەوامە .بەردەوامیش دەزگا ڕاگەیاندنەکان بانگێشە بۆ ئەو پرۆسەیەی هەلمەتی جەماوەری لە دژی ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن دەکەن.

بەیاننامەیەك لە حزب ولایەنە سیاسی و ڕێکخراوە پیشەیی وسەندیکاکانی کەرکوك

بۆ بەڕێزان :

بۆنەتەوە یەکگرتووەکان

بۆ کۆنکریسی ئەمریکی

بۆ بائیوزر ئەمەریکا لە عێراق

بۆ سەرۆك کۆماری عێراق

بۆ پەرلەمانی عێراقی فیدال

بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق

بۆ لیژنەی باڵای جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠

بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان

بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان

بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ لیزنەی بەدواداچوونی ماددەی ١٤٠ لە سەرۆکایەتی هەریمی کوردستان

بۆ ککەنسولیەی ئەمریکی لە شاری کەرکووك

بۆ هێزو لبایەنە سیاسیەکانی کوردستان

بۆ سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بابەت / یاداشت

گەلی کوردستان سەدان ساڵە بە هۆی بەرژەوەندییە نارەواو نا ڕۆژمایەتییەکانی دەسەلاتە زاڵمانەو دیکتاتۆرەکاانەو لە تاریکیدا هێڵاڕاوەتەوە. بەڵام ئەم گەلە نەبەردە بە درێژایی مێژوو بێ ووچان بۆ بەدەست هێنانی دوا ڕۆژێکی ڕووناك تەنها ساتێکیش لە بەرەبگاریوونەوە نە وەستاوە . ئێستاش ڕاسپاردەکانی (بیکەر ▯ هاملتون) ناتوانیت بەری ڕووناکی ئازادیمان لێ بگرێت .ئێمە وەك ئەنجوومەنی جەماوەری بۆ چاودێری و پشتیوانی لە ماددەی ١٤٠ لە شاری کەرکووك بە توندی ئەو ڕاسپاردانە ڕەت دەکەینەوە کە ئەیەوێت بەری ڕەنجی سەدان ساڵەیمان بۆ ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ بە تاڵ بکاتەوە ، بۆیە بە هەموو هێزو توانامانەوە هەوڵی جێ بەجێ کردنی دەستوورو چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك و جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠ دەدەین وە بە تایبەتی داوای هەڵگرتنی پێشنیاری ژمارە (٣٠) لە ڕاسپاردەکانی بیکەر هاملتون .

ئەنجوومەنی چاودێری و پشتیوانی کردن لە ماددەی ١٤٠ لە شاری کەرکووك

سەنتەری چالاکی ژنان

مەکتەبی کاروباری ژنان

تەڤگەری ژنانی ئازادیخواز

بزووتنەوەی ریفراندۆم

یەکیتی ژنانی کوردستان

لیژنەی جێ بە جێ کردنی ماددەی ١٤٠ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك

سەنتەری پەنا

ڕێکخراوی ئەتیافی ژنان

ئەنجوومەنی باڵای ئاوارەکانیکەرکووك

ڕێکخراوی میدیا بۆ مافی مرۆڤ

ناوەندی ئاڤێستا

پارتی برایەتی توروکمان

یەکێتی ماموستایانی ئایینی

سەندیکای ماف پەروەران

سەندیکای کرێکاران

ڕێکخراوی ژیان بۆ ژنانی ئەنفال

سەندیکای پزیشکانی کەرکووك

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ▯ کرکووك

ژووری بازرگانی کەرکووك

کۆمەڵەی هونەری دیجلەی کەرکووك

کۆمەڵەی زیندانە سیاسیەکانی کەرکووك

یەکیتی نووسەرانی کەرکووك

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ▯ کرکووك

یەکیتی ماموستایانی کوردستان

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

بەیاننامەی ڕێکخراوەکانی لاوان وپیشەیی و جەماوەری شارۆچکەی ڕزگای

کەلار - کاوە گەرمیانی

-: بەڕواری ١٥/١٢/٢٠٠٦ لە سەر دە ستپیشخەری لیژنەی ناوچەی ڕزگاری (یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان عێراق)لیژنەی ناوچەی ڕزگاری بە ئامادەبوونی (٦) ڕیکخراوەی پیشەی وجەماوەری کۆبونە ویەکیان سازدا.لەبارەگای لیژنەی ناوچەی ڕزگاری بۆهەڵویست وەرگرتن لەمەر ڕاپورتەکەی (بیکەر و هاملتون) دوای گفتوگۆکردنی نیوان ڕێکخراوەکان لە سەر ئەومە سە لەیە .ئەم بەیاننامەی لای خوارەوە دەرئە نجامی کۆبو نەوە کە بووە.

﴿ بەیاننامە ﴾

بۆ ڕای گشتی جیهان..

بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان..

بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ..

بۆ خەڵکی کوردستان..

ئێمە وەکو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی سنووری شارۆچکەی ڕزگاری، لە بەرامبەر ئەوە ناحەقییە مێژوویەی کە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی ئامادەکراوی ناو چوارچێوەی دیواری ژوورێکدانوسراووە کە تێدا بە هیچ شێوەیەك خەباتی چەند ساڵەی میللەتی کوردوتایبەتمەندی هەرێمەکەی ئێمەی لە بەرچاو نەگیراوە، دیارە ئەوانەی ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادەکردووە، لە ئەودیوی سنووری بڕواهێنانیان بە مافی مرۆڤ ونەتەوەکان، ئەوانەی چەندین ساڵە بە دەستی زوڵم و نارەوایی حکومەتە یەك لە دوای یەکەیەکانی عێراقەوە تووشی ئازارو ئەشکەنجە هاتوون. ئەویش ڕاپۆرتەکەی ﴿بیکەر - هاملتون﴾ە، کەتیدا بە بێ ئەوەی پرس بە گەلی کورد بکەن، چارەنووسی کوردیان لە دوورەوە دەست نیشان کردووە. ئێمە سەربارى قبوڵ نەکردنمان بۆ ئەو جۆرە هەوڵوکۆ شش و ڕاپۆرتانە وەکو ﴿ بیکەر - هاملتۆن﴾، بە شێوەیەکی گشتی، ئیدانەی تەواوی ئەو ڕاپۆرت و بەیاننامەو کردارانە دەکەین کە بیانەوێت ماددەی ١٤٠ ی تایبەت بە کەرکوك دوابخات لە جێبەجێکردنی، ئەمەیش بە تەواوی دژایەتی میللەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانییە لە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوکی کوردستانی، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان مسۆگەر بکرێ بۆ کوردستانیانی شاری کەرکوك و لەوێشەوە بۆ سەپاندنی ئارامی و ئاسایشی سەرجەم ناوچە نائارامەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق پێویستە دەستوری هەمیشەی عێراق جێ بەجێ بکرێت کەتیایدا مافی سەرجەم نەتەوەکانی عێراقی تیدا پارێزراوە.

ناوی ڕێکخراوەکان:

یەکێتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عێراق/لیژنەی ناوچەی ڕزگاری

ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان/بنکەی ڕزگاری

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان/گروپی ڕزگاری

یەکێتی ژنانی کوردستان/کۆمیتەی ڕزگاری

یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان/ لیژنەی ناوچەی ڕزگاری

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/ لیژنەی ناوچەی ڕزگاری

شارۆچکەی ڕزگاری

فایلی (١٤٠) مەڵبەندی کەرکووك یەکیتی نیشتیمانی کوردستان

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان ▯ کۆمیتەی پارێزگای کەرکووك

حیزبی سۆشیالیستی کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

یەکیتی کۆمونیستەکانی عێراق

بزوتنەوەی دیموکراتخوازانی کوردستان

حیزبی ڕزگاری کوردستان

ڕێکخراوی چوار چرا بۆ هونەرو ڕۆشنبیری

ناوەندی چاك

کۆمەلەی ڕووناکبیری کەرکووك

ڕۆژنامەی کەرکووکی ئەمڕۆ

مەکتەبی کاروباری کۆمەلایەتی

مەکتەبی مافی مرۆڤ

کۆمیتەی پێژمەرگە دێرینەکان

ڕۆژنامەی ڕاستی

ئاژانسی دیجلە

سەرکردایەتی سیاسی کوردستانییە لە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کەرکوکی کوردستانی، بۆ ئەوەی پێکەوە ژیان مسۆگەر بکرێ بۆ کوردستانیانی شاری کەرکوك و لەوێشەوە بۆ سەپاندنی ئارامی و ئاسایشی سەرجەم ناوچە نائارامەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق پێویستە دەستوری هەمیشەی عێراق جێ بەجێ بکرێت کەتیایدا مافی سەرجەم نەتەوەکانی عێراقی تیدا پارێزراوە.

نارەزایی حزبەکانی کوردستان لە سنووری چەمچەماڵ لەدژی را پۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن

لە بەیاننامەیەکدا حزبەکانی سنووری ناوچەی چەمچەماڵ کە لەدژی ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن لە بەرواری ١٢/١٢/٢٠٠٦ بڵاویان کردۆتەوە ، تێیدا دوا دەکەن کە هەلمەتی فرەوانی نارەزایی وەك چۆن ئەوانە کردویانە لەلایەن سەرجەم چین و توێژەکانی گەلی کوردستان ڕابگەێنرێت و هەروەها لە بەیاننامەکەدا دەڵێن کە ئێمە بەهموو جۆرێك دژی ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەین و دووبارەی دەکەینەوە پشتگیری تەواوی خۆمان بۆ هەڵوێستی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کورد دەردەبڕین.حزبەبەشداربووەکان بریتیین لە :

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان - حزبی شیوعی کوردستان - حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان - یەکێتی نیشتیمانی کوردستان - پارتی دیموکراتی کوردستان